ئەنجومەنی بەرگرتن بە تاوان (Brottsförebyggande rådet, BRÅ) ڕێکخستنێکی حوکوومەتییە کە هەوڵ بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوانکاری لە کۆمەڵگادا دەدات. ئێمە لە ڕێی پێشکەشکردنی فاکتا و بڵاوکردنەوەی زانیاری لە سەر تاوان و بەرگرتن بە تاوان، ئەم کارە دەکەین.

ڕێکخراوی Brå، یارمەتی دەداتە دەزگەی پۆلیس ، دەزگەی پارێزەری گشتی و ناوەندی چاوەدێری لە تاوانکاران. ئەویش لە بواری هەڵسەنگاندنی باشترین و کاراترین شێوازگەلی کار و ئەوەی خەڵک چەندەیان متمانە پێ دەکەن. ئێمە هەروەها پشتگیری لە کاری بەرگرتن بە تاوان لە ئاستی ناوچەیی و لۆکاڵیشدا دەکەین.

ڕێکخراوی Brå بەرپرسیی فەرمیی ئاماری تاوانکاری لە سویدی لە سەر شانە. لە ڕێگەی ئێمەوە بۆ نموونە ڕوون دەبێتەوە کە لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا چەند کردەی تاوانکارانە ڕاپۆرت دراون.

## لەگەڵ ڕێکخراوی Brå پێوەندی بگرە.

**ناونیشانی پۆستی:** Brottsförebyggande rådet, Box 1386, 111 93 Stockholm
**ناونیشانی سەردان:** Tegnérgatan 23, 2 tr
**تەلەفۆنخانە:** 08-401 87 00
**فاکس:** 08-411 90 75
**ئیمەیل:** info@bra.se
**ماڵپەڕ:** www.bra.se

## دەزگەی داد

ڕێکخراوی Brå بەشێکە لە دەزگەی دادی وڵات کە ئەویش چەند ڕێکخستنی حوکوومەتی دەگرێتە خۆیەوە کە بۆ پاراستنی هێمنایەتی و ئاسایشی هاووڵاتیان تێدەکۆشن. بۆ نموونە بەرپرسی بەرگرتن و توێژینەوە لە سەر تاوانکارین، لێکۆڵینەوە لە سەر دۆسیەی تاوانکاری لە دادگاکاندا دەکەن، پارێزگاری لە مافی قوربانییانی تاوانکاری دەکەن و ئەوەی ئاخۆ ئەو حوکمانەی وەک سزا لە سەر تاوانکاران دەرچوون جێبەجێ دەکرێن یان نا.

مەبەست لە دەزگەی داد ئەم ناوەندانەن: دەزگەی پۆلیس (Polisen)، دەزگەی پارێزەری گشتی (Åklagarmyndigheten)، پزیشکی یاسایی (Rättsmedicinalverket)، دەزگەی لێکۆڵینەوە لە تاوانە ئابوورییەکان (Ekobrottsmyndigheten)، ناوەندی چاوەدێری لە تاوانکاران (Kriminalvården)، دادگاکان (Sveriges Domstolar)، ئەنجومەنی بەرگرتن بە تاوان (Brottsförebyggande rådet) و ڕێکخراوی قوربانیانی تاوان (Brottsoffermyndigheten). بەرپرسێتیی دەزگەی دادی سوید بە وەزارەتی دادە (Justitiedepartementet).

## ئایا بوویەتە قوربانیی کردەیەکی تاوانکارانە؟

ئەگەر کەوتوویەتە بەر مەترسیی کردەیەکی تاوانکارانە، دەبێ هەرچی زووتر بە پۆلیسی ئەو پارێزگایەی تاوانەکەی لێ ڕوودوادە ڕاپگەیێنی.
ئەگەر تاوانکارییەکە هەر ئێستا بەردەوامە، ئەوا لەگەڵ ژمارە تەلەفۆنی 112 پێوەندی بگرە.
دەنا تەلەفۆن بۆ ژمارەی 14 114 بکە، یا خود بچوە لای نزیکترین ناوەندی پۆلیس.